كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-12-2007 0:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## له چلەی شەهید دکتۆر هوشیار عوسمان

ئەوەی ساتێک دکتۆری ناسیبێت لە خوورەوشتی و روحی کوردایه تی گەیشتووە، پێی زانیوە ج مرۆڤێکی نیشتمان پە روەر بووە. شەهید دکتۆر هوشیار یەکێک بوو لە دامە زرێنەرە ئەکیڤەکانی سەنتەرەکەمان و ئەندامێکی کارامەو لێهاتوو بوو، هەردەم خەریکی پلانداناں بوو کە کارەکانی چۆن بەسەرکەتوانە بەرێوەببات. بگرە دکتۆر خۆی تەرخانکردبوو بۆ هەر گیروگرفتێکی دەروونی کوردانمان لە تاراوگە.

شه هید زۆربەی ساتەکانی بۆ کاری سەنتەرو رێکخستن تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتی ڕۆشنبری و کۆمەلایەتی کورد بکات، منداڵان و لاوان و گەنجان و ڕۆشنبیران بکاتە دینەمۆیەك بۆ بەرەوپێشبردنی ئەرکی نەتەوایەتیمان. شه هید دکتۆر زۆر بە تە نگ داهاتوو چارەنووسی نەوەکانی هەندەرانمان بوو، هە وڵی دەدا خێزانە کوردەکان بەشداری ئەم پرۆسێسە بکە ن.

دکتۆر هەردەم داکۆکی لەمافی کۆمەڵانی کورد لە هەندەران بێ جیاوازی بەرامبەر حکومەتی هەرێم و حزبەکان دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا دەیوویست کوردانی هەندەران هەست بە ئەرکیش بکەن و ئەکتیڤ بن تاوەکو مافەکانیان جێ بە جێ بکرێت. ئەمانە هە ر لە نووسینە بڵاو کراوەکانی لاپە رە ئینتەرنێتیەکاندا دەردەکەوێت کە دکتۆر چ پرۆژەیەکی لە خەیاڵا بووە و چ ئاوات و خۆزگە یەکی لە دڵ و دەروونی دابووە.

پێنووسەکەی شه هید هووشیار تیژ بوو وەك تیر بۆ بەرەنگار بونەوەو پانتایی هە بوو وەك قەڵغان بەرپەچ دانەوەی دوژمنانی کورد کوردستان، وەك مۆمێك وابوو بۆ ڕۆشەنکردنە وەی ڕێگای کوردایەتی و مرۆڤایەتی.

بەداخ و پە ژارەیە کی زۆرەوە دوژمنانی کوردو کوردستان بە دەستی ڕەشی نەگریسیان مە خابن لە ڕۆژی 27. 10. 2007 لە شاری مەریوان- کوردستانی ڕژهەڵات تیرۆرستان کەوتنە گیانی دکتۆر هوشیار و لەبیرۆی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆربە شێوەیەکی نامرۆڤانەو نامەردانە شەهیدیان کرد و بەشەهید بوونی دکتۆر هوشیار مۆمێك کوژایەوە کە بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگای کوردایەتی ونیشتمان پەروەری، ڕێگای ڕۆشنبیری ومافی کەسایەتی بوو بۆ هەموو کوردێکی دلسۆز.

ئێمە سەربەرزین کەخاوەن شەهید دکتۆر هوشیارین، شەهید هوشیار چووە ڕیزی شەهیدە سەربەرزو سەرفرازەکانی گەل و نیشتمان بووە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی نەتەوایەتی کوردستان.

سەنتەری کەلتوری کورد لە کۆلن بەهەموو ئەندامانی پەیمان تازە دەکەینەوە کە ڕێگاو پلانەکانی هەڤاڵ هوشیار بەرەوپێش ببەین کارەکانی بە ئەنجام بگەێنین و بیری نەتەوەیی و ڕۆشبیری وکەلتوری پەرەپێ بدەین، بۆ بەردەوام بوونی کارەکانی هەوڵ بدەین و درێخی نەکەین، تاوەکو ئاواتەکانی بهێنینە دی وخاو خێزانی و هەڤاڵان و دۆستانی بەتایبەتی دیدار خانی کچی وکاکە دیاری کوری دکتۆر هوشیار سە ربەرز و سەرفراز کەین.

ڕووڕەش بێت بکوژانی دکتۆر هوشیار و دوژمنانی کوردو کوردستان...

سەربەرزو و سەرفرازە شەهید دکتۆر هووشیار...

چلەی شەهید دکتۆر هووشیار عوسمان... کۆلن.. ئەڵمانیا... 06. 12. 2007

سەنتەری کەلتوری کورد لە کۆلن
KURDISCHE KULTUR ZENTRUM Email. : Kurd-kulturcenter-koeln@web. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.